یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیـــــا"

Koerdische Vereniging in Nederland - Midia

رۆژ: 2018/02/06
ژمارە :02. 06–02–2018

# بۆ پشتگیری و هاوەدەنگی و دژی پەلامارەکانی تورکیا بۆسەر عەفرین
# هونەرمەند مامۆستا شۆڕش قەرەداخی
# چالاکیەکی هونەری لە یانەی کوردی"میدیـــا" ی ئەمستردام پێشکەش دەکات

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 11–02–2018 کات 14:00

پاش سڵاو و ڕێز،

داوا لە ئێوەی ئازیز و خۆشەویست و سەرجەم ڕێکخراوە کوردییەکانی هۆڵەندا هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و نوسەرانی کورد و تێکڕای دۆستەکانمان دەکەین، با بە دەنگ خۆڕاگری و بەرخودانی خوشک و براکانمانەوە بچین لە شاری خۆڕاگری عەفرین، کە ماوە دوو هەفتە زیاترە بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە بەرگری لە خاک و نیشتمانی لە خوێن هەڵکێشراوی خۆیان دەکەن، ئازایانە لەژێر بۆردوومان و هێرشی سوپای ڕژێمی فاشیستی تورکیا، نەک هەر توانیویانە بەرگری بکەن، بەڵکو بەگژمەحاڵدا چونەتەوە و لمۆزی خوێناوی فاشیستەکانیان شکاندووە، لە کاتێکدا بە ئاشکرا و بە هەموو چەکێکی قەدەغەکراو، بە بەرچاوی هەموو کۆمەڵگای خەڵەتاوی نێودەوڵەتی دنیاوە، جارێکی دیکە کورد کۆمەڵکوژ دەکەنەوە. پێکەوە و با هاوەدەنگ و پشتیوانی خوشک و براکانمان بین لە ڕۆژئاڤا، ئامادەبوونتان ئەرکێکی کەمی نیشتمانی و مرۆڤانەیە، لەم ناونیشانەی خوارەوە:

Adres: **Buurthuis de meevaart, Balistraat 48a, 1094 JN Amsterdam**

رۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 11–02–2018 کات 14:00

**لیژنەی سەرپەرشتی یانەی کوردی "میدیـــا"**

بە هۆی ئەم ئیمەیڵ و ژمارەتەلەفۆنانەوە، ئەتوانن زانیاری زیاتر وەربگرن؛ کاک ئالان ئەمین: 0655873577، کاک ئیبراهیم عەلی سەعید: 0645262337،
سەردار فەتاح ئەمین: 06-8495087 Whatsapp& Viber: ، یان ئیمەیل ئەدرێسی "میدیـــا":

kvn.midia@gmail.com

سەرنج:
چەندین خێرخواز و کڵێسای هۆڵەندی، کەمپینێکی پشتگیریان دەستپێکردووە بە کۆکردنەوەی جلوبەرگی هەمەجۆر بۆ شاری عەفرین، بەتایبەتی کڵێسەکانی حەوزی ڕۆتەردام، خۆشیان هۆکاری گواستنەوەیان لەسەر حسابی خۆیان ئامادەکردووە، پێشنیار دەکەین هەرکەسە لای خۆیەوە بەشداری ئەم کەمپینە بکات. کڵێسەکە هەردەم کراوەیە و ئەمەش ئەدرێسەکەیەتی:

Stg Home for kurds Afrin
Zuidhoek–232
3082 PS –Rotterdam